# راگەیندراوی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٩هەمین ساڵیادی فەرمانی جیهادی خومەینی لەدژی خەڵکی کوردستان

هاونیشتمانانی تێکۆشەر!

لەرۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ کۆچی خۆری خومەینی رێبەری رژێمی تازە بەدەسەلاّت گەیشتوو، فەرمانی جیهادی لەدژی خەڵکی کوردستان دەرکرد.

فەرمانی جیهادی خومەینی لەدژی گەلی کوردی موسڵمان بوو، ئەو گەلەی ستەمی نەتەوەیی و ستەمی ئایینی و مەزهەبی دەسەلاّتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێرانی لەکۆنەوە لەسەر بووە.

گەلی کورد کە دڵخۆش بوون بەوەی لەدوای رووخانی رژێمی شا دەکەونە خێر و خۆشیەوە و مافە زەوتکراوەکانیان بە هاتنە سەرکاری دەسەلاّتی نوێ بۆ دابین دەکرێ، بەداخەوە کەوتنە بەر ستەمی چەند قات و لەرابردوو زیاتر کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری دڕندانە.

دیارترین بەڵگەی ئەو پەلامار و ستەمە دڕندانەیە، فەرمانی جیهادی خومەینی و هێرشی بەربلاّوی پاسدار و چەقۆکێشەکان و هێزی بەکرێگیراوی خومەینی بۆسەر کوردستان بوو، کە لەئاکامی ئەو فەرمانەی خومەینی و هێرشی بەربلاّوی هێزی بەکرێگیراوی و هەروەها حوکمی قەرە قوشیانەی کاربەدەستانی ئەو رژێمە لەکوردستان دەیان لاو و پیر و ژن و منداڵی کوردستان کوژران و زیانی زۆر بە شار و دێی کوردستان گەیشت کە بە تێپەڕینی ٢٩ ساڵ بەسەر ئەو فەرمانە شوومەدا ئاسەواری زیانەکان و داڕمانی ئابووری کوردستان بە روونی بەرچاو دەکەوێ.

فەرمانی جیهادی خومەینی لەدژی خەڵکی کوردستان خاڵێکی ڕەشە بەناوچاوانی ئاخوندانی دەسەلاّتدار و بۆ هەتاهەتایە لەمێژووی کورد و ئێران دا بە فەرمانێکی دژی مرۆڤانە و دڕندانە دەمێنێتەوە چین لەدوای چین رۆڵەکانی کورد یادی ئەو فەرمانە دڕندانە دەکەنەوە و نەفرەت دەنێرن بۆ خمینی و شوێن کەوتووان و بەکرێگیراوانی.

هاونیشتمانی ستەم لێکراو

بێگومان رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی دەرکەوتنی سیمای ڕەشی ئاخوندان و هەستی دزێو و دژمنانەیان بەرانبەر گەلی کوردی موسڵمانە. جێگەی خۆیەتی لەبەرانبەریشدا گەلی کورد بیکاتە رۆژی توندوتۆڵ کردنی خەبات لەبەرانبەر رژێمی نگریسی ئاخوندی ئێران و لەهەمانکاتیشدا جێگەی خۆیەتی ئێمە هەموو هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران زیاتر هەست بە بەرپرسیایەتی بکەین و لەپێناوی یەکێتی و تەبایی و هاوکاری نێوانماندا هەنگاو هەڵگرین.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەبیرەوەری رۆژی تاڵی ٢٨ی گەلاوێژ و فەرمانی خومەینی خوێن مژ درود دەنێرێ بۆ روحی پاکی شەهیدانی رێگەی رزگاری و ئازادی و هەروەها سلاّو دەنێرێ بۆ زیندانیانی سیاسی تێکۆشەر کە لەبەرانبەر شکەنجەی جەلادەکانی رژێمدا قارەمانانە راوەستاون و بەخۆراگری خۆیان دەیسەلمێنن کە فەرمانی جیهادی خومەینی و هەر نەوعە فەرمانێکی ستەمگەرانە و نائینسانی کارناکاتە سەر ورەی بەرزیان.

لەیادی ٢٨ی گەلاوێژ دا سلاّو دەنێرین بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و رێبوارانی رێگەی ئازادی کوردستان و ئێران و دڵنیان لەوە کە رژێمی ملهوری ئاخوندی بەراپەرین و خەباتی خەڵکی ئێران و کوردستان دەرووخێ و دەسەلاّتی

دیموکراتیك و پارلەمانی لەئێراندا جێگیر دەبێ و گەلی ستەم لێکراوی کورد لەسایەی ئازادیدا بە مـاف و داوا رەواکـانی دەگا.

بروخێ رژیمی خومەینی

سەرکەوێ خەباتی حەقخوازانەی گەلانی ئێران لەدژی ستەم و بیعەدالەتی

**کومیتەی ناوەندی**

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**